# مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە یاساکانی میدیا لە هەرێمی کوردستاندا

پ.ی.د.کارزان محەمەد ئەحمەد
Karzan.ahmed@spu.edu.iq
مامۆستای بەشی تەکنیکی میدیا - زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

**ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە : ٢٠٢٥/٤/١** **ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە : ٢٠٢٥/١١/٩**

**پوختەی توێژینەوە:**

مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت وەك توێژێکی گرنگی کۆمەڵگا، لەسەرئاستی نێودەوڵەتی ڕێککەوتنامەی تایبەت بەدەستەبەری مافەکانی بۆ دانراوە، زۆربەی وڵاتانیش بەپرەنسیپێکی مرۆییانە مامەڵەی یاسایی لەگەڵدا دەکەن.
ئەم توێژینەوە کە تایبەتە بەپێگەی مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت، هەوڵ دەدات بەپشتبەستن بەشرۆڤەی یاساکانی ڕێکخستنی میدیا، پرسیاری توێژینەوەکە دەخاتەڕوو: ئایا ڕێزگرتن لە مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت و پاراستنی لەهەمبەر مەترسی و پێشێلکارییەکان، تاچەند ڕەنگدانەوەی لە یاساکانی میدیادا هەبووە؟. هەروەها ڕێکارە یاساییەکانی ئاراستەکردنی دامەزراوەکانی میدیا بۆ خزمەتی خاوەن پێداویستی تایبەت چین؟. کەموکورییەکانی یاسا میدیاییەکان لە هەرێمی کوردستاندا لەو بوارەدا چییە و تاچەند ئاستەنگی بۆ چەسپاندنی مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت دروست کردووە؟.
ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە، تاوتوێی سەرجەم ڕەهەندە یاساییەکانی مافی خاوەن پێداویستی تایبەتە، لەپێناو خستنەڕووی پێگە و ڕێزی ئەم مافە لە یاسا بەرکارەکانی میدیادا، چونکە لە هەرێمی کوردستان بەپێی ئامارە فەرمییەکان، ڕێژەیەکی زۆری خاوەن پێداویستی تایبەت هەیە.
بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەکە و هێنانەدی ئامانجەکانی، توێژەر بەپشتبەستن بە میتۆدی شرۆڤەکاری و گراندد تیۆری، هەوڵ دەدات ناوەرۆکی هەموو یاساکانی پەیوەندیدار بەمیدیا لە هەرێمی کوردستان هەڵبسەنگێنێ، لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانیان بخاتەڕوو، تا لە ئایندەدا بەشێوازێکی دروستتر و مرۆییانەتر مامەڵە لەگەڵ مافەکانی ئەم توێژەدا بکرێت.
لەکۆتایی توێژینەوەکەدا، ئەنجامی هەڵسەنگاندنی مامەڵەی یاساکانی ڕێکخستنی میدیا و ئاستی بایەخدانیان بەمافەکانی ئەو توێژە دەخرێتەڕوو، پاشان کۆمەڵێك ڕاسپاردە لەخۆدەگرێت بۆ ڕێنوێنی پارلەمان و حکومەتی هەرێم لەپێناو گەڵاڵەکردنی یاسا و ڕێنمایی نوێ بۆ مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت، بەجۆرێك بگونجێ لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤدا. هەروەها بەرچاوڕوونییە بۆ ئەو توێژە تا ئاشنای مافەکانیان ببن.

**کلیلە وشە:** مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت، یاساکانی میدیا، هەرێمی کوردستان.

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**پێشەکی:**

ڕێزگرتن لە مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت وەك پرەنسیپێکی جارنامە گەردوونییەکانی مافی مرۆڤ، تائێستا چەندین ڕێککەوتنامەی نێودەوڵەتی بۆ هێنانەدی خواست و ئامانجەکانیان پەسەند کراوە، بەڵام لە هەر وڵاتێکدا بەپێی یاسا و کلتوری کۆمەڵگاکەی، ئەم مامەڵەیە گۆڕانی بەسەردا دێت.
بایەخی تاوتوێی مافەکانی ئەم توێژە هەستیارەی کۆمەڵگا لەبەر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان، بەبنەمایەکی گرنگی پاراستنی مافەکانیان و دەستنیشانکردنی کەموکورییەکانی یاسا لەهەمبەر ئەو توێژەش دادەنرێت تا کار لەسەر باشترکردنی بکرێت.
هەلومەرجی نیو سەدەی ڕابردوو لەهەرێمی کوردستان بەهۆی جەنگ و کارەساتی جۆراوجۆر، ڕێژەیەکی بەرچاو لە کۆمەڵگا دووچاری ئەم گرفتە بوونەتەوە، ئەمەش بۆتەمایەی ئاستەنگ لەبەردەم ژیانیاندا.
لەدوای گەشەسەندنی میدیا و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانیش وەك ئامرازی کۆمیونیکەیشن، بوون بەسەرچاوەیەك بۆ زیاتر برەودان بەئاستی هۆشیاری و ئاسانکاری لە پرۆسەی پەیوەندییەکانیان، بەڵام زۆر پێشێلکاریشیان دەرهەق ئەنجام دراوە کە بەشکاندنی یاساش دادەنرێت.
لەم ڕوانگەیەوە توێژینەوەکەمان شرۆڤەی مافە بەرکارەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە یاساکانی ڕێکخستنی میدیا لە هەرێمی کوردستاندا دەکات، بەتایبەتی مافە تایبەتی و پیشەیی و گشتییەکان تا بەرچاوڕوونییەك بێت بۆ ئەم توێژە و جەماوەر و میدیاکانیش، بەئامانجی باشترکردنی مامەڵەی نێوانیان تا پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا سەقامگیر ببێت.
ئەم توێژینەوەیە، لە چەند باسێکی سەرەکی پێکهاتووە، باسی یەکەم تەرخان کراوە بۆ مافی (خاوەن پێداویستی تایبەت) و پەیوەندی بەیاساکانی میدیا لە هەرێمی کوردستان.
لە باسی دووەمدا، پۆلێنی مافەکانی (خاوەن پێداویستی تایبەت) لە یاساکانی میدیادا کراوە، شرۆڤەی مافە مرۆیی و پیشەییەکانیان لە بواری میدیادا خستۆتەڕوو.
لە باسی سێیەمدا، ڕێکارەکانی پاراستنی مافی (خاوەن پێداویستی تایبەت) لە میدیادا لەسەر سێ ئاست تاوتوێ کراوە کە بریتین لە (دامەزراوە فەرمییەکان، خێزان، دامەزراوەکانی میدیا).
لە بەشی پراکتیکیشدا مۆدیلێکی شیاو بەپێی میتۆدی گراندد تیۆری ئۆرگانیزەکراوە تا میدیاکان و یاساکانی ڕێکخستنی ئەو بوارە، بتوانن بەشێوازێکی شیاو مامەڵە لەگەڵ خاوەن پێداویستی تایبەتدا بکەن.

**میتۆدنامە**

1-1: ناونیشان:
ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە یاساکانی میدیا لە هەرێمی کوردستاندا)، تاوتوێی ئاستی بایەخدانی یاساکان و جۆری بەرپرسیارێتی و ڕێکارەکانی بۆ ڕێزگرتن لە مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکات. لە بەشی پراکتیکیشدا بەمیتۆدێکی زانستییانە، لەڕێگەی شرۆڤەی بۆچوونی ئەم توێژەی کۆمەڵگا، مۆدیلێك گەڵاڵە دەکات تا میدیاکان بەپێی ئەو مۆدیلە پێشنیازکراوە بتوانن بەشێوازێکی مرۆییانە مامەڵە لەگەڵ مافەکانیاندا بکەن.
1-2: کێشەی توێژینەوەکە
پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە: یاسا بەرکارەکانی میدیا لە هەرێمی کوردستان، چۆن مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەتی ڕەچاو کردووە؟. وەڵامی کۆمەڵێك پرسیاری لاوەکیش دەدەینەوە وەك:
- مافە مرۆیی و پیشەییەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە یاساکانی میدیا لە هەرێمی کوردستاندا چین؟
-ڕێکارەکانی پاراستنی مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە میدیادا چییە؟.
-کەموکوڕی یاساکان لەهەمبەر مافەکانی ئەم توێژە لەچ بوارێکدایە؟
-مۆدیلێکی شیاو بۆ مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ مافەکانی ئەم توێژەدا چییە؟.
1-3: ئامانجەکانی توێژینەوەکە
هەڵکشانی ڕێژەی خاوەن پێداویستی تایبەت لە کۆمەڵگای کوردیدا بەهۆی ڕووداوەکانی ڕۆژانە، لێکەوتەکانی جەنگ و گرفتی تەندروستییەوە، پێویستی بە توێژینەوەی ئەکادیمی هەیە تا بەپێی هەلومەرجی ژیانیان، تاوتوێی مافەکانیان لەبەر ڕۆشنایی یاساکانی ڕێکخستنی میدیا لە هەرێمی کوردستاندا بکرێت. توێژینەوەکە لە بابەتێکی فرەڕەهەندی مافەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، کۆمەڵێك ئامانجیشی هەیە:
-ناساندن و شرۆڤەی مافەکانی (خاوەن پێداویستی تایبەت) لە یاساکانی میدیا لە هەرێمی کوردستاندا.

sjh@univsul.edu.iq

-خاوەن پێداویستی تایبەت و میراتگرەکانیان تا ئاشنای مافەکانیان ببن.
- هۆشیاریی کۆمەڵگا بۆ مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ ئەم توێژەدا.
-بەرچاوڕوونی بۆ دامەزراوە فەرمییەکان (حکومەت و پارلەمان) بۆ راپەراندنی ئەرکەکانیان لەهەمبەر مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت و دەرکردنی ڕێنمایی نوێ بۆ کارئاسانی لەپێناو ئەم ئەرکە مرۆییەدا.
-دامەزراوەکانی میدیا و رۆژنامەنووسان بۆ ئەنجامدانی مامەڵەیەکی دروست.
-دیاریکردنی پارێزبەندی بۆ مافەکانی (خاوەن پێداویستی تایبەت) و ئەرکەکانی میدیا و میدیاکاران.

1-4: جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە

توێژینەوەکی جۆرییە، توێژەر لە بەشی تیۆریدا هەوڵی داوە بەپشتبەستن بەسەرچاوەی ئەکادیمی و دەقی یاساکانی میدیا لەکوردستان، بەشێوەیەکی زانستی تاوتوێی بابەتی توێژینەوەکە بکات.
لە بەشی پراکتیکدا، بەمیتۆدێکی مۆدێرنی (گراندد تیۆری) (Theory Grounded)، مۆدیلێك لەسەر بنەمای شیکارکردنی بۆچوون و داتای خودی خاوەن گرفتەکان گەڵاڵە بکات، تا میدیاکان لە ئێستا و ئایندەدا بتوانن مامەڵەیەکی باشتری مرۆیی پێشکەش بکەن.

1-5: سنور و سامپڵی توێژینەوەکە

سنووری توێژینەوەکە پارێزگای (سلێمانی)یە لە هەرێمی کوردستان. هۆکاری هەڵبژاردنی شوێنەکەش بۆ ئەو راستییە دەگەڕێتەوە کە رێژەیەکی زۆر خاوەن پێداویستی تایبەتی تیادا دەژین، ژمارەیەکی زۆرتری میدیای تێدایە کە پێویستە بەم توێژینەوانە هاریکاریی بکرێن تا ئاشنای ئەرکە یاساییەکانی خۆیان ببن لەهەمبەر خاوەن پێداویستی تایبەت.
لەڕووی کاتەوە، توێژەر سەرجەم ئەو یاسایانەی ڕێکخستنی میدیای بەنمونە وەرگرتووە کە لە ساڵانی (1998-2019) دەرچوون و تائێستاش بەرکارن.
بۆ بەشی پراکتیکی، ماوەی (1ی تشرینی یەکەم تا 1ی تشرینی دووەمی ساڵی 2024ز) بۆ ئەنجامدانی دیدارەکانی هەڵبژاردووە. شێوازی وەرگرتنی وەرگرتنی سامپڵ لەسەربنەمای ئامانج بوو کە یەکێکە لە شێوازەکانی وەرگرتنی سامپڵ لە توێژینەوەی جۆریدا. توێژەر لە پرۆسەی وەرگرتنی سامپڵ و ئەنجامدانی چاوپێکەوتن بەردەوام بوو تا گەیشتە قۆناغی کامڵێتی، واتا ئاستێك کە چیتر بۆچوون و داتای نوێیان لەسەر توێژینەوەکە نەدەخستەڕوو، بەگشتی (14) دیدار لەگەڵ خاوەن پێداویستی تایبەتدا ئەنجام درا.

1-7: ئاستەنگەکان

دیارترین ئاستەنگەکان بریتی بوون لە:
-ئاڵۆزی لە یاساکاندا کە بەوردی مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەتیان دیاری نەکردووە.
-کەمی سەرچاوەی پێویست بۆ شرۆڤەی بابەتی توێژینەوەکە.
-تازەیی بابەتی توێژینەوەکە لە بواری ئەکادیمیدا.
-جیاوازی لەنێوان یاساکانی ڕێکخستنی میدیا و واقیعی مامەڵەی میدیا لەگەڵ ئەم توێژەدا.

1-9: توێژینەوەکانی پێشوو

-تێزێکی (د. ئیبراهیم بەگزادە نگار نەباتی) بەسەبارەت بە مافی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە یاسای نێودەوڵەتی مافی مرۆڤدا، ساڵی (2010ز) بڵاوی کردۆتەوە، مافەکانی ئەم توێژەی لەبەر رۆشنایی یاسا نێودەوڵەتییەکان و یاساکانی ئێراندا هەڵسەنگاندووە.
-توێژینەوەیەکی (Barnes, C. and Mercer) بەزمانی ئینگلیزی کە ساڵی (2013ز) لەلایەن کامبرێجەوە بڵاوکراوەتەوە، سەرجەم مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت (Disability)ی شرۆڤە کردووە.
-توێژینەوەیەکی هاوبەشی (زياد المغربي و تسنيم شاهين) بەناونیشانی (الدليل الاعلامي في تناول قضايا حقوق الاشخاص ذوي الاعاقة) کە ساڵی (2018ز) لە ئەردەن بڵاوکراوەتەوە، تاوتوێی میدیا و رۆڵی لە دابینکردنی مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەتی خستۆتەڕوو.
-توێژینەوەیەکی هاوبەشی (د.حمود بن أحمد الخميس و د. عبد الحافظ بن عواجي صلوي) بەناونیشانی (احتياجات المعاقين الإعلامية ومدى أشباع وسائل الإعلام لها- دراسة ميدانية على عينة من المعاقين في المملكة العربية السعودية) توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەسەر رۆڵی میدیا لەبایەخدان بەماف و خواستەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت کە ساڵی (2007ز) بڵاوکراوەتەوە.
ئەم توێژینەوانە لەڕووی میتود، داتا، جۆری هەڵسەنگاندن، رێکارە تیۆری و مەیدانییەکانەوە سودیان لێوەرگیراوە.

1-10: ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوەکە

**-خاوەن پێداویستی تایبەت:** مەبەست لەو کەسانەیە کە دووچاری گرفتی لەدەستدانی ئەندامێکی جەستەیی، یا زەبرێکی دەروونی و کەموکوڕی ژیری بوونەتەوە کە ئاستەنگە لەبەردەم ژیانیاندا.
**-یاساکانی ڕێکخستنی میدیا:** کۆمەڵێك یاسای بواری کاری میدیاییە کە ئەرك و مافەکانی ئەم پیشەیەی ئۆرگانیزە کردووە، لە ساڵانی (1998-2019ز) لەلایەن پارلەمانی کوردستان دەرچووە و بەرکارن.

**-هەرێمی کوردستان:** هەرێمی کوردستان لە هەر چوار پارێزگای هەولێر، سلێمانی، دهۆك و هەڵەبجە پێکدێت کە ژمارەی دانیشتوانی (5.200.000) پێنج ملیۆن و دوو سەد هەزار کەسە . حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەسەڵاتی جێبەجێکاری بە گوێرەی یاساکان پەیڕەودەکات کە لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە داڕێژراون[1].

**باسی یەکەم:**
**مافی (خاوەن پێداویستی تایبەت) و پەیوەندی بەیاساکانی میدیا لە هەرێمی کوردستان**

1-چەمکی ماف و تایبەتمەندییەکانی
لە سەرەتای هاتنەئارای چەمکی ماف لە زانستی یاسادا، بیروبۆچوونی جیاواز لە فەرهەنگ و ئینسایکلۆپیدیا جۆراوجۆرەکاندا بۆ پێناسکردنی خراوەتەڕوو.
لەڕووی دەستەواژەوە، هەوڵدراوە کۆمەڵێك هاومانای بۆ دابنرێت تا ڕەهەندەکانی پێناسەکەی لەخۆگرێت وەك: ڕاستی، دروستی، شایستە، دڵنیایی دوای گومان و مەرجیشە بەرامبەرەکەی پوچەڵ (باطل) بێت. (ابن منظور، 1405، ج 10، ص 49). ئەم چەمکە بەپێی شێوازی بەکارهێنانی لە ڕێبازەکانی فەلسەفەی یاسا و فیقدا، بایەخێکی زۆر دراوە بە شرۆڤەی بنەما و ڕەهەندەکانی.
بەپێی بۆچوونی پسپۆڕێك، (ماف) دەسەڵاتێکە کە یاسا بەکەسێکی دەبەخشێت تا ڕەفتارێك ئەنجام بدات. ئازادیی لە ئەنجامدانی ڕەفتارەکەش بەبنەمایەکی سەرەکی ئەم مافە دادەنرێت، واتا مرۆڤ سەرپشکە لە ئەنجامدانی یاخود وازلێهێنانی. (امامی، 1374، ص 125).
شارەزایەکیتری یاسا لەو بڕوایەدایە ماف جیاوکێکە (میزة) کە یاسا دەیدات بەکەسێك و هەر بەیاسا دەیپارێزێت. (البکری و البشیر، ص 224)
بەبڕوای (د.کاتوزیان) پسپۆڕی یاسا، مەرجی گرنگ بۆ هێنانەدی (ماف)، سیستەمێکی یاسایی دەسەڵاتدارە کە پارێزگاری لەمانەوەو بەردەوامبوونی بکات. (کاتوزیان، 1391، ص 13-14).
سەبارەت بەبنەماکانیشی، (جەمیل شەرقاوی) لەو بڕوایەدایە ماف چوار کۆڵەکەی سەرەکی هەیە: (تایبەتمەندبوون، خاوەنداریێتی، ڕێزگرتنی ئەوانیتر لە ماف، پشتیوانی لە ماف). بنەماکانی یەکەم و دووەم شێوازی خودییە و بنەماکانی سێیەم و چوارەمیش دەرەکی و بابەتییانەیە. (الشرقاوی، 1996، ج2، ص 14).
دیارترین تایبەتمەندییەکانی ماف لە یاسادا بریتین لە:
-ڕێژەییە نەك چەسپاو واتا گۆڕانی بەسەردا دێت (کاتوزیان، 1391، ص 254).
-ماف دەشێ تایبەتی یاخود گشتی بێت.
-ماف لەڕووی کاتەوە هەمیشەیی یاخود کاتییە.
-ماف شیاوی وازلێهێنان و گواستنەوەیە بۆ کەسێکیتر. (نایینی، 1418، ج1، ص 42).
سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان ماف و یاسا، (د.سامان فەوزی) پێی وایە: ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان خەڵکی لە کۆمەڵگادا و دیاریکردنی سنوری ڕەفتار و چالاکییەکانیان بەیاسا، لەڕێگای ڕاگرتنی جۆرێك لە هاوسەنگی نێوان ماف و ئەرکەکانیان دەبێت. (فەوزی، 2019، لا20)
لە یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستاندا، کۆمەڵێك مافی تایبەتی و گشتی بۆ هاوڵاتیان دەستەبەر کراوە، بوونی ڕێژەیەکی زۆری خاوەن پێداویستی تایبەتیش بەهۆی دەرەنجامی جەنگ و تەقەمەنی و لێکەوتە تەندروستییەکانەوە، بایەخی دەستنیشانکردنی مافەکانی ئەم توێژە لە یاساکاندا زیاتر دەکات.
سەرهەڵدان و گەشەسەندنی میدیا بەهەموو ئامرازەکانییەوە، وێڕای کۆمەڵێك لایەنی ئەرێنی بۆ خزمەتی کۆمەڵگای کوردی، لەکاتی نادروست بەکارهێنانییەوە چەندین مەترسی بۆ چینوتوێژەکان دروست کردووە کە دیارترینیان خاوەن پێداویستی تایبەتە، لەم ڕوانگەیەوە شرۆڤەی ئەکادیمی مافەکانیان لە یاساکانی پەیوەندیدار بە ڕێکخستنی میدیا لە هەرێمی کوردستاندا دەکەین.

[1]- سایتی فەرمی هەرێمی کوردستان:
http://www.gov.krd/p/page.aspx?l=13&s=050000&r=327&p=238&h=1

2- چەمکی (خاوەن پێداویستی تایبەت) و تایبەتمەندییەکانی
هەڵکشانی رێژەی خاوەن پێداویستی تایبەت بەهۆی لێکەوتەکانی جەنگ، تەقەمەنی، کارەساتی هاتوچۆ یاخود نەخۆشییە زگماکییەکان لە کۆمەڵگای کوردیدا، وێرای گرفتەکانی ژیانی رۆژانەیان، پێویستیان بە رەچاوکردنی مافەکانیانە لە یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستاندا.
بەپێی پێناسی کۆنڤاشیۆنی مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت، هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە کەموکورییەکی درێژخایەنی جەستەیی، ئاوەزی، هزری یا هەستەکانی هەبێت کە لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئاستەنگە جۆراوجۆرەکاندا، ئەگەرچی دەرفەتی یەکسانیشیان لەگەڵ کەسانیتردا بۆ برەخسێ، هەر رێگرە لەبەردەم بەشدارییەکی کامڵ و کاریگەریان لە کۆمەڵگادا[2].
بەپێی پێناسی رێکخراوی تەندروستی جیهانی، مەبەست لەو کەسانەیە کە دووچاری تێکچوونی جەستەیی و سنوردارێتی چالاکی و بەشداریی بوونەتەوە بەهۆی کەمی یا گرفت لە کارو پێکهاتەی جەستەیاندا، ئەمەش لەمپەرە لەبەردەم ئەنجامدانی کار و رۆڵی تاکەکەسیدا لە هەلومەرجی ژیانیاندا، بەم چەشنە پۆلێنبەندی کردوون:
(تێکچوونی جەستە و جوڵە، نابیستی، نابینایی، زیهنی و ژیری، دەروونی). (WHO,2024)
بەگشتی خاوەن پێداویستی تایبەت ئاماژەیە بۆ هەر هاوڵاتییەك کە یەکێك لەم گرفتانەی هەبێت:
1-کێشە لە جوڵەی جەستەیی کە گرفتی ئەندامانی جەستەیی یاخود بەهۆی گرفتی دەماری.
2-نەمانی هەستەکان (بینین و بیستن)
3-نەخۆشییە هەناوییەکان.
4-گرفتی دەروونی کە بەگشتی لەناو پیر و بەساڵاچووانداییە. (نباتی، 1389، ص 43-44).
لە هەرێمی کوردستانیش، یاسای (ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت) لە ماددەی یەکەمدا، ئەم توێژەی بۆ دوو جۆر پۆلێن و پێناس کردووە:
ا-خاوەن پێداویستی تایبەت: هەر کەسێك تووشی ناتوانایيەکی یان بەشەکیی جەستەیی یان ناجەستەیی و بەشێوەیەکی نەگۆڕبێت، لەهەریەك لە هەستەکانی یان تواناکانی جەستەیی یان دەروونی یان عەقڵی بەرادەی ئەوەی رێ لە کاری وەزیفیی ئەندامێك یان زیاتر لە ئەندامێکی جەستەی بگرێت، ئەمەش دەبێتەمایەی رێگرتن لە هێنانەدی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانی.
ب-کەمئەندام: هەر خاوەن پێداویستیێکی تایبەت تووشی پەککەوتنی جەستەیی بەشێوەیەکی هەمیشەیی یا هەمەکی، یان بەشەکیی جەستەیی یان ناجەستەیی و بەشێوەیەکی بەردەوام هاتبێ.
کۆی ئەم پێناس و پۆلێنبەندییانەی سەرەوە، جەخت لەسەر بایەخی چەسپاندنی مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەموو یاسا پەیوەندیدارەکان لە هەرێمی کوردستاندا دەکەنەوە، لەم ڕوانگەیەوە بواری میدیا وەك ئامرازێك بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری و گەشەپێدانی جۆرەها هۆشیاریی، وێرای کاریگەرییە پۆزەتیڤەکانی بۆ گرنگیدان بە خواستەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت، پێویستمان بەشەنوکەوی یاساکانی ڕێکخستنی میدیا هەیە لەپێناو تاوتوێی ئاستی رێزگرتن لە مافەکانی ئەم توێژە، ئەمەش بەرچاوڕوونییەکە بۆ ئەم توێژە تا ئاشنای مافەکانیان لەو یاسایانەدا بن، کارئاسانیشە بۆ دامەزراوە یاساییەکان (وەك داواکاری گشتی و وەزارەتەکان) تا چاودێریی پرۆسەی هێنانەدی مافەکان بکەن، لەکاتی بوونی هەر پێشێلکارییەکیش ڕووبەڕووی لێپرسینەوەو سزادانیان بکەنەوە.

3- پەیوەندی مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت و یاساکانی میدیا
پرۆسەی دیاریکردنی ماف و وردەکارییەکانی لەهەر وڵاتێکدا، پێویستە بەپێی یاسا ئۆرگانیزە کرابێت تا پشتەوانەیەکی فەرمی هەبێت بۆ چەسپاندنی، ڕێکارێکیشە بۆ پاراستنی ماف لەهەمبەر پێشێلکاری.
بەگشتی یاساکان بۆ ڕێکخستنی ماف لە هەموو دەوڵەتێکدا، بۆ دوو جۆر پۆلێن دەکرێن:
-یاسای گشتی کە پەیوەندی نێوان دەوڵەت و هاوڵاتیان و هەندێ کاریتر ڕێکدەخات (وەك یاسای: دەستوری، کارگێری، دارایی، تاوانکاری...)
-یاسای تایبەتی کە پەیوەندیی نێوان هاوڵاتیان و هەندێ بواریتر ڕێکدەخات (وەك یاسای: مەدەنی، بازرگانی، کار، دادگایی...). (الزعبی، 2011، ص 54-55).

[2]- Convention on the Rights of Persons with Disabilities, New York, 2006, Article 1.

لە هەرێمی کوردستان، لەدوای ڕاپەرینی (1991ز)ەوە لەپێناو دانانی یاسای نوێ و هەمووارکردنەوەی هەندێ لە یاساکانی عێراق، پارلەمانی کوردستان لە شاری هەولێر دامەزرا. یەکەمین یاسای پەیوەندیدار بوو بەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان کە ڕۆژی (15ی ئەیلولی 1992ز) لە ڕۆژنامەی فەرمی ئەنجومەن بڵاوکرایەوە. (سلێمان، 2019ز، لا 49).
لەماوەی تەمەنیدا کۆمەڵێك یاسای بۆ یاساکانی ڕێکخستنی میدیا پەسەند کرد کە بەم چەشنە پۆلێن دەکرێن:
**یەکەم:** یاساکانی تایبەت بە ڕێکخستنی میدیا کە پارلەمانی کوردستان پەسەندی کردوون، بریتین لە:
ا-یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ژمارە (4)ی ساڵی (1998): لە (27) ماددە پێکهاتووە، کۆمەڵێك ماف و ئەرك و پلەکانی ڕۆژنامەنووسی لە هەرێمی کوردستاندا لەخۆگرتووە. خاوەن پێداویستی تایبەت بەپشتبەستن بەم یاسایە، کۆمەڵێك مافی کار و خاوەنداریێتی لە میدیادا هەیە بەمەرجێك ئەهلییەتی یاسایی هەبێت.
ب-یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە (35)ی ساڵی (2007): بریتییە لە (14) ماددە کە ماف و ئەرکەکانی ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی لەخۆگرتووە. لەم یاسایەدا جگە لە ئەرك و ماف، تاوانە ڕۆژنامەگەرییەکانی دەستنیشان کردووە و سزای غەرامەی بەسەردا سەپاندوون.
بەپشتبەستن بەم یاسایە، خاوەن پێداویستی تایبەت کە ئەهلییەتی یاسایی هەبێت، مافی کاری ڕۆژنامەنووسی هەیە. بۆ پاراستنی مافەکانیشیان، کۆمەڵێك ڕەفتاری (وەك: ناوزڕاندن و جنێودان، پێشێلی ژیانی تایبەت، زیانگەیاندن بەئادابی کۆمەڵایەتی...) بە تاوان دادەنرێت. خاوەن ماف دەتوانێ داوای قەرەبووی ماددی و مەعنەوی لە کەسانی زیانبەخش بکەنەوە.
ج- یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی ژمارە (6)ی ساڵی (2008):
بۆ دیاریکردنی ئەرك و مافی بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندییە، لە (8) ماددە و کۆمەڵێك برگە پێکهاتووە، ئاماژە بۆ تاوانەکانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان کراوە وەك:"هەڕەشە، تۆمەت و ناوزڕاندن و جنێودان، پێشێلی ژیانی تایبەت، هاندان بۆ ئەنجامدانی تاوان". هەروەها سزای توندی بۆ پێشێلکاران تێدایە.
د-یاسای مافی دانەرو مافە هاوسێکانی ژمارە (17)ی ساڵی (2012): لە (47) ماددە پێکهاتووە، ئامانجی سەرەکیشی بۆ پاراستنی مافی موڵکایەتی بەرهەم و داهێنان و کارە ناوازەکانە.
هـ-یاسای مافی دەسکەوتنی زانیاری ژمارە (11)ی ساڵی (2013): پرۆسەی دەستخستنی زانیاری لەلایەن کەس و ناوەندەکانەوە لە (22) ماددەدا ڕێکخستووە، ڕێوشوێنی بەدەستهێنان و بەخشینی زانیاری بە ڕۆژنامەنووسان و میدیاکان و سزادانی پێشێلکارییەکانی ئەم مافەی تێدایە.
و- یاسای ڕێکخستنی ڕیکلامی بازرگانی ژمارە (4)ی ساڵی (2019): مەرجەکانی ریکلام و خۆپارێزی لە هەندێ تاوانی وەك زیانگەیاندن بەمافی مرۆڤی لەخۆگرتووە.
جۆری دووەم یاسا گشتییەکانە کە چەند ماددە و برگەیەکی تەرخانە بۆ ڕێکخستنی میدیا:
ا-یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) ژمارە (3)ی ساڵی (2006): لە (18) ماددە پێکهاتووە، هەردوو برگەی (2،4)ی ماددەی (4) کە تایبەتە بە کاری میدیا، ئاماژەی بۆ ئەو بابەتانە کردووە کە دەبنەمایەی بانگەشەی تیرۆر و توندوتیژیی، پروپاگەندەی تۆقێنەر، زیانگەیاندن بە سیستەمی گشتی، تێکدانی ئارامی و ئاسایش، ئاژاوەنانەوە. ئەمانەش بە قەدەغە دادەنرێن و توندترین سزای بۆ دانراوە.
ب- یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت ژمارە (22)ی ساڵی 2011:
گرنگترین یاسای پەیوەست بەئەم توێژەیە، چەندین مافی وەك: (ڕێزگرتن لە شکۆ، پاراستنی نهێنیە پیشەییەکان، دەرفەتی یەکسان، گەشەپێدانی هۆشیاری) لەخۆگرتووە کە سەرجەمیان بەئەرکی دامەزراوەکانی میدیا دادەنرێت.
**دووەم:** یاساکانی دەوڵەتی عێراق کە هەندێکیان چەند ماددە و برگەیەکی پەیوەندیدارە بەمیدیا، تائێستاش لە دادگاکانی کوردستاندا کاریان پێدەکرێت، وەك:
ا-یاسای سزادان ژمارە (111ی ساڵی 1969ی هەمووارکراو)ی عێراق: تایبەتە بەسزادانی بچوکترین لادان (سەرپێچی) تا گەورەترین سزا (بۆ تاوانە گەورەکانی وەك: کوشتن و دزی و...)، چەند ماددەیەکی گرنگیشی تەرخانە بۆ هەندێ تاوانی میدیا و سزاکانیان، بۆ نمونە ماددەکانی (433، 434).

sjh@univsul.edu.iq

بەگشتی یاساکانی کاری میدیایی لە هەرێمی کوردستان، بەشێوەی ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ، کاریگەرییان لەسەر پشتیوانی لە مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت هەیە، چونکە بنەمایەکن بۆ ئۆرگانیزەکردنی پەیوەندیی نێوان میدیا و ئەم توێژە، لەهەمانکاتدا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە بەدیهێنانی خواستەکان و ڕێزگرتن لە شکۆی مرۆیی کە لەگەڵ ستانداردە جیهانیەکانی مافی مرۆڤدا بگونجێت. لەم ڕوانگەیەوە لە باسی دووەمدا، شرۆڤەی مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە یاساکانی ڕێکخستنی بەمیدیا لە هەرێمی کوردستاندا دەکەین.

**باسی دووەم:**
**پۆلێنی مافەکانی (خاوەن پێداویستی تایبەت) لە یاساکانی میدیادا**

فرەچەشنی یاساکانی ڕێکخستنی میدیا لە هەرێمی کوردستان، ئەرکێکی گرنگی خستوتە بەردەم توێژەران تا بۆ دەستنیشانکردنی مافەکانی هەر توێژێکی کۆمەڵگا، توێژینەوە ئەنجام بدەن.
(خاوەن پێداویستی تایبەت) بەهۆی هەلومەرجی ژیانیان، دووچاری ئاستەنگی جۆراوجۆر دەبنەوە، پێویستە بەوردی تیشك بخرێتەسەر مافەکانیان لە یاسادا لەپێناو بەرچاوڕوونی بۆ دروستی مامەڵە و هەوڵدان بۆ هێنانەدی خواستەکانیان. بەگشتی یاساکانی میدیا کۆمەڵێك مافیان دابینکردووە بۆ ئەم توێژە:
1-مافە مرۆییەکان:
بناغەی سەرەکی پاراستنی کۆمەڵگا، هێنانەدی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤە کە پشتەوانەی یاساییان هەبێت بۆ پراکتیزەکردنیان. لە هەرێمی کوردستاندا، یاساکانی ڕێکخستنی میدیا کۆمەڵێك مافی مرۆیی لەخۆگرتووە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەمافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت هەیە، وەك:
**ا-مافی زانین:** ئازادیی دەستراگەیشتنە بەداتا و زانیاری، واتا ڕەخساندنی دەرفەت بۆ هاوڵاتیان تا زانیاریی پێویست لە دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکان وەربگرن دەربارەی چۆنییەتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی و حکومرانی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی. (بابایی و نظری، 1390، ص 49).
خاوەن پێداویستی تایبەت بەپشتبەستن بەیاسای دەستکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان (ماددەی چوارەم)، دەتوانن داوای هەر زانیارییەکی گشتی یا پەیوەست بەخۆی لە دامەزراوەکان بکات. میدیاکانیش ئەرکی سەرشانیانە بڕەو بەمافی زانین لەنێو ئەم توێژەدا بدەن.
**ب-پاراستنی ژیانی تایبەت:** ئەم چەمکە لەساڵی (1890ز)دا لەلایەن دوو دادوەری ئەمریکی (ساموئێل وارین)و (لویس براندیس) هێنرایەئارا، توێژینەوەیەکیان بەناوی "مافی ژیانی تایبەت" نووسی، بەفەرمی داوایان کرد بەیاسا ئەم مافە بپارێزرێت (Warren and Brandeis, 1890, No. 5).
بەبڕوای (د.سامان فەوزی): تایبەتمەندی تاکەکانە کە دەتوانن لەنێو خۆیاندا بەشێوازێکی نهێنی هەڵیبگرن و دوور لە چاو و دەمی خەڵکی، چونکە هیچ پەیوەندییەکی بەئەرکەکانی ئەو تاکانەوە نییە و هیچ سودێکیش نایەتەدی بەبڵاوکردنەوەی ئەو نهێنیانە کە پەیوەندییان بەژیانی تایبەتەوە هەیە. (فەوزی، 2009، لا 19).
بەپێی بۆچوونێکیتر، (ژیانی تایبەت) واتا: پاراستنی مافی تەنهایی و خۆپارێزی لە چاودێریی کۆمەڵگا و خەڵك، ئەمەش بە مافێکی بنچینەیی دادەنرێت کە بوارەکانی ژیانی تایبەتی شوێنی ژیان، پاراستنی نهێنییەکانی جەستە و پەیوەندییش دەگرێتەوە. (Grubbs,2011, P7)
دامەزراوەکانی میدیا و ڕۆژنامەنووسان بەپێی یاسای ڕۆژنامەگەری (ماددەی نۆیەم)، پێویستە خۆبپارێزن لە بڵاوکردنەوەی هەر داتا و بابەت و وێنەیەك کە پێشێلی ژیانی تایبەتی تێدابێت وەك: (خوێندن، پزیشکی, ژمێرە بانکییەکان, نهێنییە پیشەییەکان) بەبێ ڕەزامەندی کەسی پەیوەندیدار. (ماددەی چواردەیەم- یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری).
**ج-ڕێزگرتن لە شکۆی خاوەن پێداویستی تایبەت:** دیاردەیەکی نەشیاو لە کۆمەڵگای کوردی کە بەهۆی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان پتر پەرەیسەندووە، وێنەو گرتەی ڤیدیۆیی پڕلە ناوزڕاندن و سوکایەتییە بەناوی کۆمیدیاوە، قوربانییەکان بەپلەی یەکەمیش خاوەن پێداویستی تایبەتن. هەربۆیە یاسا ئەم مافانەی خوارەوەی لەخۆگرتووە:
-پاراستنی ڕەوشت: یاساکانی پەیوەست بەمیدیا بڕگەی تایبەتیان بۆ پاراستنی ئادابی گشتی کۆمەڵگا تێدایە. بەبڕوای پسپۆڕێك، بوونی ماددەکە لە یاسادا فاکتەرەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە: ئەم پێشکەوتنە خێرایە لە بواری تەکنەلۆژیای ئینتەرنێتدا، هەندێکجار بۆتەهۆی لادانی ئاکار و ڕەوشت بەشێوەیەکی مەترسیدار ئەویش لەڕێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بۆ گەیشتن بە ئامانج کە دەچنە خانەی تاوان. (الحیط، 2015، ص 115).

مافێکیتر، پاراستنی وێنە و گرتەی ڤیدیۆیی خاوەن پێداویستی تایبەتە چونکە بڵاوکردنەوەیان ئەگەر بۆ رەوشت زیانبەخش بێت ئەوا تاوانە. بەبڕوای شارەزایەکی یاسای میدیا، ئەم رەفتارە واتا زیانگەیاندن بەئاداب و ئەخلاق لە کۆمەڵگادا کە دیارترینیان بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆی نەشیاوە یا باندی ئەلیکترۆنییە بۆ لادانی ڕەوشتی. بەگشتی قوربانییەکانیش منداڵان و ژنان و هەندێ لە پیاوانن. (جاسم، 2020م، ص 8).

-پاراستنی لەهەمبەر تۆمەت: دیاردەی تۆمەت و دروستکردنی ناتۆرە و نازناوی نەشیاو، بەپێشێلی مافی مرۆڤ دادەنرێت. بەپێی پێناسێکیش بۆ ئەم چەمکە: پێگوتنێکە سیفاتێکی سەلماندن و بینراوی تێدایە، زۆرجار لە ڕێگەی ڕۆژنامەگەرییەوە ئەنجام دەدرێت. (المبدر، 1986، ص87).

لە یاساکانی میدیادا بەتاوان دادەنرێت، لە یاسای سزادانی عێراقیشدا (ماددەی 433) ئەگەر تۆمەتەکە لەڕێگەی میدیاوە بێت، سزاکە دۆخی توندتری هەیە.

-پاراستنی لە ریکلامی زیانبەخش: هەندێکجار لە میدیا و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا، ئەم توێژە بەشێوەی نەشیاو بۆ ریکلام بەکاردەهێنرێت، دەشێ لێکەوتەی خراپی هەبێت. (الموسوی، 2012، ص 9).

**د-پاراستنی لەهەمبەر توندوتیژی:** مافی خاوەن پێداویستی تایبەتە کە لە توندوتیژی (جەستەیی، دەروونی، جنسی) بپارێزرێت ئەگەرنا بەپێی یاسا بەتاوان دادەنرێت (ماددەی دووەم لە یاسای توندوتیژی خێزانی). ئەگەر وێنە و گرتەی ڤیدیۆیی توندوتیژییەکە لە میدیادا بڵاوکرایەوە، بەپێی یاسای رۆژنامەگەریی سزاکەی توندترە.

**هـ-پاراستنی دۆسییە یاساییەکان:** لەناو کۆمەڵگای کوردیدا ڕووداوی جۆراوجۆری تاوان ڕوودەدەن، هەر خاوەن پێداویستی تایبەتێك بۆ دۆسییەیەك بچێتە دادگا، ئەوا بەپێی ماددەی (236)ی یاسای سزادانی عیراقی بەپارێزراو دادەنرێت ئەگەر یەکێك لەم مەرجانەی تێدابێت:

-دادگاییەك کە یاسا بڕیاری بەنهێنیکردنی داوە.

-هەواڵی لێکۆڵینەوە و ڕێوشوێنەکانی داواکانی ڕەچەڵەك، ژن و مێردایەتی، تەڵاق، دابڕان و زینا.

-بڵاوکردنەوەی ناو و وێنەی تاوانلێکراو لە تاوانەکانی لاقەکردن و دەستدرێژیی کردنە سەر ناموس، یان ناو و وێنەی تۆمەتباری مێردمنداڵ.

-ئەوەی لە داوا شارستانی و تاوانکارییەکاندا بەڕێوەدەچێت.

ئەم مافانەی ئاماژەمان پێداون، لە یاساکانی میدیادا ماددەی تایبەت بۆ پاراستنیان دانراوە، بەم چەشنە:

-یاسای رۆژنامەگەری (ماددەی نۆیەم).

-یاسای بەدەستهێنانی زانیاری (ماددەی چواردەیەم).

- یاسای ریکخستنی ریکلام (ماددەی سێیەم).

-یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی (ماددەی دووەم).

بۆ گرەنتی ئەم مافانە، سزای (زیندانی و غرامە) بۆ تاوانباران و مافی (قەرەبوو) بۆ زیانلێکەوتووان ڕەچاو کراوە.

2-مافە پیشەییەکان لە میدیادا

پرەنسیپێکی گرنگی مافی مرۆڤ، هەڵبژاردنی کاری پیشەییە بەپێی خواست و تواناکان، پسپۆڕێك لەو بڕوایەدایە: هەموو کەسێك مافی خۆیەتی بەشێوەیەکی ئازادو بەپێی بژاردەی خۆی، کارێکی ئابروومەندانەو شیاو لەگەڵ دۆخی ژیانیدا هەڵبژێرێت تا بژێوی دابین بکات. دەوڵەتان ئەرکی سەرشانیانە کاری گونجاو بۆ هاوڵاتیانی بڕەخسێنێ، دەرفەتی بەرپرسیارێتی ئەرکی گشتیش بۆ هاوڵاتیان فەراهەم بکات کە مەرجی پێویستیان تێدایە). (پروین، 1395، ص351)

خاوەن پێداویستی تایبەت وەك توێژەکانیتری کۆمەڵگا، پێویستیان بەرەخساندنی دەرفەتە لەهەر پیشەیەکدا کە لەگەڵ ژیانیاندا بگونجێت، لەسەرئاستی نێودەوڵەتی چەند تیۆرێك بۆ پشتیوانی لە سەرکەوتنیان هاتۆتەئارا. بۆچوونی یەکەم بەخۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی ناسراوە، بەپێی ئەم دیدگایە دەوڵەت کۆمەڵێك ئیمتیازو ئاسانکارییان بۆ دابین دەکات بەبەراورد لەگەڵ هاوڵاتیانی کۆمەڵگا تا ببنە خاوەنی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی. بۆچوونی دووەم یەکسانییە لە رەخساندنی دەرفەتدا ( Barnes and Mercer, 2003, P17)

لەم روانگەیەوە یاساکانی میدیا لە کوردستاندا کۆمەڵێك مافی کاری پیشەیی فەراهەم کردووە، وەك:

**ا- کاری رۆژنامەنووسی:** ئەم چەمکە بەبۆچوونی (ئێم. ڤی. کاماس):" کارمەندی ڕۆژنامەیەکە کە ڕاپۆرت بۆ ڕۆژنامەکەی ئامادە دەکات، دەشێ وتار یان سەروتار بنووسێ یاخود هەڵەچنی بابەتەکان بکات. ڕۆژنامەنووسێکی پیشەیی بەناوی جۆراوجۆر دەناسرێتەوە: ڕیپۆرتەر، وتارنووس، هەواڵنێری تایبەت، دارێژەری هەواڵ، جێگری سەرنووسەر، ل.بەشی وەرزش، ل.هەواڵەکانی ناوخۆ، ل.بەشی بازرگانی، سەرنووسەر...". (M.V.Kamath, P1)

sjh@univsul.edu.iq

یاسای ڕۆژنامەگەریی ژمارە (35)ی ساڵی (2007)، لە (بڕگەی پێنجەم- ماددەی یەکەم)دا ئاماژەی بۆ پێناسی ڕۆژنامەنووس کردووە:" هەرکەسێکە لە بواری ڕۆژنامەگەرییدا لە هەر کەناڵێکی ڕاگەیاندندا کار دەکات".
ئەنجامدانی پیشەی ڕۆژنامەنووسی و هەواڵنێری، بەپێی ئەم یاسایە بۆ خاوەن پێداویستی تایبەتیش فەراهەم کراوە بەمەرجێك ئەهلییەتی یاسایی هەبێت. (لە بڕگەی دواتردا ڕوونمان کردۆتەوە).
لە ماددەی حەوتەمدا چەندین بڕگەی لەخۆگرتووە کە بەدەستکەوتێکی یاسایی گرنگ دادەنرێن، خاوەن پێداویستی تایبەت بەمەرجێك (ئەهلییەتی یاسایی) هەبێ، دەتوانێ لەو مافانە سودمەند بێ:
- سەربەخۆیی لە کاری ڕۆژنامەنووسیدا.
-پاراستنی ژیان و مافەکانی: بڵاوکردنەوەی زانیاری و ڕاوبۆچوون، نابێ ببێتەهۆی تێکدانیان.
-مافی پاراستنی سەرچاوەی زانیارییەکان (تەنها بەبڕیاری دادوەر نەبێ).
-مافی ئامادەبوون لە کۆنگرەو چالاکییە گشتییەکاندا.
-پارێزراوێتی کەسێتی (خاوەن پێداویستی تایبەت): هەرکەس بەهۆی پیشەکەی دەستدرێژی بکاتەسەر، ئەو سزایە دەیگرێتەوە کە بکرێتەسەر فەرمانبەرێك لەکاتی بەجێهێنانی ئەرکەکانیدا.
-مافی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەست: بەمەرجێك (30) ڕۆژ دەزگای میدیاییەکە ئاگادار بکاتەوە.
-مافی چارەسەر: لەکاتی نەخۆشکەوتن و بریندابوونی (خاوەن پێداویستی تایبەت) بەهۆی پیشە ڕۆژنامەنووسییەکەی، دەزگا ڕاگەیاندنەکە پێویستە ئەرکی چارەسەر بگرێتەئەستۆ.
-مافی پاراستنی شوێنی کار و ژیان: لەکاتی گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی لەهەمبەر ڕۆژنامەنووسێك (بۆنمونە خاوەن پێداویستی تایبەت بێت)، پێویستە بەپێی مۆڵەتی دادوەریی و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بێت، ئەگەرنا شوێنی کار و ژیانی پارێزراوە. (خاڵی یەکەم و دووەم-ماددەی هەشتەم- یاسای ڕۆژنامەگەری)
-مافی ئاشکراکردنی زانیاری: لەکاتی هەڵماڵینی زانیاری دەربارەی سەرپێچی یان پێشێلکاری دژ بەیاسا، بەپێی یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری (ماددەی شانزدەهەم)، بەپارێزراو دادەنرێت.
لەکاتێکدا خاوەن پێداویستی تایبەت، مافی دەستکەوتنی زانیاری ڕەتکرایەوە یاخود وەڵام نەدرایەوە بەمەرجێك پەیوەندی بەپیشەوە هەبێت، بەپێی (بڕگەی دووەم لە ماددەی حەڤدەیەم) دەتوانێ تانە و ناڕەزایەتی لە دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەکەی تۆمار بکات.
-دابینکردنی هەلی کار: بەکارهێنانی میدیا بۆ دۆزینەوەی هەلی کار یاخود بوون بە ڕۆژنامەنووس.
**ب- خاوەنداریێتی میدیا:** خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، بەپێی چەند مەرجێکی یاسایی، مافی وەرگرتنی مۆڵەتی خاوەنداریێتی و دامەزراندنی دەزگای میدیایی هەیە، ئەمەش دەرفەتێکی یەکسانخوازانەیە.
سەبارەت بە مەرجەکان کە دەشێ خاوەن پێداویستی تایبەتیش لێی سودمەند بێت، بریتین لە:
-بڵاوکردنەوەی جارنامە لە دوو ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان کە زانیاری تەواوی لەخۆگرتبێت.
- پێویستە لە ڕووی یاساییەوە شایستەیی (ئەهلییەت)ی تەواوی هەبێت. (بڕگەی 4ی ماددەی 3).
مەبەست لە (ئەهلییەت)ی یاسایی واتا: (18 ساڵی تەواو کردبێت، ئەقڵ و ژیری تەواو بێت، هاوڵاتی عیراقی بێت).
-سەرنوسەر دەبێ ڕۆژنامەنووس بێت، زمانی ڕۆژنامە بەنوسین و خوێندنەوە بزانێت.(ماددەی 4).
**ج-مافی پاراستنی داهێنان و بەرهەم:** هەوڵەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت بۆ داهێنانی جۆراوجۆر بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، یاخود بەرهەمەکانیان لە بوارەکانی ئەدەب و هونەردا، بەدیاردەیەکی ناوازەی جیهانی دادەنرێت. لەم ڕوانگەیەوە چەندین یاسا پارێزگاری لەم مافە لە هەرێمی کوردستاندا دەکەن.
(د. محەمەد مشیریان) لەبارەی پێناسی ئەم مافە دەڵێت:" دانەر هەموو دەسەڵات و ئیمتیازاتێکی بەسەر ئەو بەرهەمەوە هەیە کە موڵکی خۆیەتی یاخود بەرهەمی هێناوە". (مشیریان، 1393، ص (15).
لە هەرێمی کوردستانیش، یاسای (مافی دانەر و مافە هاوسێکانی)ی ژمارە (17)ی ساڵی (2012) بە تێروتەسەلی لە (47) ماددەدا پاراستنی مافی داهێنان و موڵکایەتی و پاشان سزای پێشێلکارانی لەخۆگرتوە، دیارترینیان بوارەکان بریتین لە: (کارە نوسراوەکان، بەرهەمی زارەکی، خوێندنەوەی دەقە پیرۆزەکان. یاخود کاری شانۆیی، مۆسیقی، سینەمایی، فۆتۆگرافی، نیگارکێشیی، تەلارسازیی...).
بەپێی یاسایە، خاوەن بەرهەم و داهێنان، مافی موڵکایەتی ماددی و مەعنەوی هەیە، هەموو خاوەن پێداویستی تایبەتێك دەتوانێ سودمەندی پاراستنی بەرهەمەکانی ببێت.

**باسی سێیەم:**
**ڕێکارەکانی پاراستنی مافی (خاوەن پێداویستی تایبەت) لە میدیادا**

توێژەر لە ئەنجامی ئەزموونی کاری خۆی لە دۆسییەکانی دادگا و بەپشتبەستن بەو دیدار و چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ کەسانی پسپۆڕو خاوەن پێداویستی تایبەتدا بۆ بەشی پراکتیك ئەنجامی داون، کۆمەڵێك ڕێکار دەخاتەڕوو بەئامانجی هێنانەدی مافەکانیان، سەرجەم ڕێکارەکانیش لەبەر ڕۆشنایی یاساکانی هەرێمی کوردستاندایە.

**1-لەسەرئاستی دامەزراوە فەرمییەکان**
کۆمەڵێك دامەزراوەی فەرمی لە هەرێمی کوردستاندا هەن کە ئەرکی سەرشانیانە بەرنامەڕێژی بۆ ڕێکخستنی یاساکانی میدیا و دامەزراوەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە بکەن لەپێناو پاراستنی ماف و برەودان بە بەرپرسیارێتی و هۆشیاریی کۆمەڵگا، وەك:
**-پارلەمانی کوردستان:** پەسەندکردنی یاسایەکی مرۆڤانەتر بۆ پارێزگاری لە مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت، وێرای پارێزگاریی لە بنەماکانی دیموکراسی و ئازادیی ڕادەربڕین، سزای توندتر بۆ سەرپێچیکاران دابنێت.
**-وەزارەتی پەروەردە:** یاساکانی پەروەردە و فێرکاری، هەوڵ بدەن لە قۆناغی سەرەتاییەوە منداڵان هۆشیار بکەنەوە بۆ ڕێزگرتن لە خاوەن پێداویستی تایبەت، هەروەها هاندانیان بۆ دروست بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی تا نەبنەمایەی هەراسانکردنی ئەم توێژە.
**-وەزارەتی رۆشنبیری:** ڕێنمایی نوێ بۆ میدیاکان و سایت و پەیجە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبکاتەوە، بەپشتبەستن بە یاساکانی میدیا بەئاستێکی فراوانتر ئەرکی ڕێزگرتن لە خاوەن پێداویستی تایبەتیان بەسەردا پراکتیزە بکات.
هەروەها وابەستەکردنی میدیاکان بۆ بڵاوکردنەوەی جۆرەها بەرنامە و ریکلامی ڕۆشنبیری بۆ هاندانی کۆمەڵگا تا ڕێز لە مافەکانی ئەم توێژە بگرن.
**-وەزارەتی تەندروستی: پە**رەپێدان بەهۆشیاریی تەندروستی بۆ دایکان بۆخۆپارێزی لەو ڕەفتارانەی دەبنەمایەی لەدایکبوونی منداڵی ناتەندروست، هەروەها ڕێنمایی هاوڵاتیان بۆ خۆپارێزی لە ڕووداوی نەخوازراو.
**-داواکاری گشتی:** لە هەرێمی کوردستاندا بەپێی یاسای وەزارەتی دادی ژمارە (١٢) ساڵی (١٩٩٢ز) دامەزراوە، لە کارنامەکەیدا چەند ئەرکێکی بۆ خۆی دیاری کردووە، وەك: چاودێریی ڕەوایی (مشروعیەتی) یاسا و ڕێسا و ڕێنمایی و بریارە کارگێرییەکان و دروست جێبەجێکردنی یاساکان. پاشان بەدواچوون بۆ جێبەجێکردنی حوکم و بریار و ڕێوشوێنەکان (التدابیر) کە لە دادگاکان دەرچوون بە پێی یاسا. (وێبسایتی وەزارەتی داد).
بەپشتبەستن بەئەم کارنامەیە، داواکاری گشتی ئەرکی سەرشانییەتی چاودێری جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنماییەکانی پاراستنی مافی خاوەن پێداویستی تایبەت بکات، ڕێنوێنی پێویستیش بۆ باشتر هێنانەدی مافەکان بڵاوبکاتەوە.
ئەرکێکیتری ئەم دامەزراوەیە، تۆمارکردنی سکاڵایە لەسەر ئەو تاوانانەی لە میدیا و تۆرەکۆمەڵایەتییەکانەوە دژ بەمافەکانی ئەم توێژە ئەنجام دەدرێت بەئامانجی پاراستنی کۆمەڵگا.

**2-لەسەرئاستی خێزان**
لە هەر خێزانێکدا خاوەن پێداویستی تایبەتی تێدابێ، کەسەکە (ئەگەر خاوەن ژیری بێت) یاخود میراتگرانی دەتوانن بۆ پاراستنی ماف بەپێی یاساکانی ڕێکخستنی میدیا، دوو ڕێکار بگرنەبەر:
**-مافی وەڵامدانەوە:** لەکاتی بڵاوبوونەوەی بابەتی نەشیاو (زانیاری، وێنە، گرتەی ڤیدیۆیی)، زیانلێکەوتوو یاخود میراتگرەکەی بەپێی (خاڵی یەکەم- ماددەی شەشەم)ی یاسای ڕۆژنامەگەری، مافی ئەوەی هەیە داوای ڕاستکردنەوە بکات، وەڵامەکەشی لە هەمان شوێن و بەهەمان قەبارە بڵاوبکاتەوە.
بێگومان ئەگەر تاوانەکە لە چوارچێوەی وەڵامدانەوەیەك گەورەتر بوو، خۆی یان میراتگر مافی داوای بەرپرسیارێتی سزایی و مەدەنی هەیە.
**-تۆماری سکاڵا:** یاساکانی میدیا لە هەرێمی کوردستاندا، خاوەن پێداویستی تایبەت یاخود میراتگرە یاساییەکەی، دەتوانن پەنا بۆ دادگا ببەن لەکاتی پێشێلی مافە مرۆییەکان (وەك دەستوەردان لە ژیانی تایبەت، ناوزڕاندن، توندوتیژیی ئەلیکترۆنی...)، بەبریاری دادگاش مافی داوای سزایی و مەدەنی هەیە.
**3- لەسەرئاستی دامەزراوەکانی میدیادا**
میدیا وەك دەسەڵاتی چوارەم، بەکۆمەڵێك ڕێکاری جۆراوجۆر دەتوانێ وێرای ڕێزگرتن لە مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت، کاریگەریشی لەسەر برەودان بەگەشەپێدانی هۆشیاریی کۆمەڵگا هەبێت بۆ هێنانەدی مافەکانی ئەم توێژە، فشاریش بۆ

sjh@univsul.edu.iq

پارلەمان و حکومەت دروست بکات تا بەپێی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ مامەڵەیان لەگەڵدا بکات. دیارترین ڕێکارەکانیش بریتین لە:

**-ڕێنوێنی:** میدیاکان دەتوانن ڕێنوێنی خاوەن پێداویستی تایبەت بکەن تا بەشێوەیەکی دروست بەسەر گرفتەکانیاندا زاڵ ببن و پەرە بەتواناکانیان بدەن. هەروەها هەوڵ بۆ برەودان بە جۆرەها کلتوری جوان لەناو کۆمەڵگادا بدەن تا ڕۆحی مرۆڤدۆستانەیان بەرامبەر بەم توێژە هەبێت. واتا برەودان بە جۆرەها کلتور و بەهای وەك: متمانە، جۆری دۆستایەتی و رەفتاری جوان، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، یەکسانخوازی و سیاسەترێژی کۆمەڵایەتی بۆ رەخساندنی ژیانێکی پرکوالیتی. (Philips, 2006, 242).

**-پەیرەویی لە تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی:** ئەم تیۆرە دوای کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، لیژنەیەك لەژێرناوی ئازادی ڕۆژنامەوانی لەلایەن (12) ئەکادیمی پێکهێنرا بەسەرپەرشتی پرۆفیسۆر (رۆبەرت هۆتشینز)، لەئەنجامدا ساڵی (1947ز)دا راپۆرتێکیان بەناوی (ڕۆژنامەوانی ئازادو بەرپرسیار) بڵاوکردەوە. (McQuail, 2010).

میدیا و رۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان، پێویستە بەپشتبەستن بەم تیۆرە مامەڵە لەگەڵ مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەتدا بکەن. لەوپێناوەدا خولی ڕاهێنان بۆ رۆژنامەنووسان بکەنەوە تا وەك پرەنسیپێکی مرۆیی و یاسایی، بایەخ بەم توێژە بدەن.

-دانانی دەرگاوان (Gatekeepers): ئەم چەمکی بۆ یەکەمینجار لەلایەن (کورت لوین Kurt Lewin)ەوە بەکارهێنرا، بەتێڕوانینی ناوبراو، کۆمەڵێك فلتەر هەن کە هەواڵەکانی پیادا تێدەپەڕن، ئەم فلتەرانەش دەروازەیەکی چوونە ژوورەوەن و تەنها بۆ هەندێك لە هەواڵەکان دەکرێنەوەو هەندێکیشیان دوور دەخاتەوەو بە نەشیاو ناوزەدیان دەکات. (کازنو، 1365، ص61).

پراکتیزەکردنی ئەم پرۆسەیە لە میدیاکاندا، بەپلەی یەکەم ئەرکی سەرشانی سەرنوسەرە، چونکە لە یاسای رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان (برگەی دووەم- ماددەی چوارەم)دا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە سەرنوسەر بەرپرسیارێتی مەدەنی و یاسایی ئەو بابەتانەیان لەئەستۆدایە کە بڵاودەکرێتەوە.

**پراکتیکی:**

ئەم توێژینەوەیە لەڕووی میتۆدەوە بەجۆری دادەنرێت، بەپشتبەستن بەتیۆری گراندد (زەمینەیی) هەوڵ دەدات بۆچوونی کۆمەڵێك خاوەن پێداویستی تایبەت وەربگرێت و شەنوکەویان بکات، تا لە دیدی خۆیانەوە هەڵسەنگاندن بۆ مافەکانیان لە یاسا بەرکارەکانی میدیا لە هەرێمی کوردستاندا بکەن. بەبڕوای (ستراوس و کۆربین) سەرکەوتوویی ئەم میتۆدە لەوەدایە کە بەشێوەیەکی سیستەماتیك کار دەکات تا تیۆرێك دەربارەی ئەو دیاردە شرۆڤەکراوەکە بەرهەم بێهنێت. ( Straus, A. and Corbin, J. 2008).

توێژەر سەرجەم تەوەرە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەی بەشێوەی پرسیاری جۆراوجۆر داڕشت، بەجۆرێك کە لە فۆرمدا سادە و لە ناوەرۆکدا قوڵ بێت، تا وەڵامەکان ببنە سەرچاوەی داتا و زانیاری و پاشان شرۆڤەیان بکەین.

کۆمەڵگای ئاماری توێژینەوەکە، گروپێك خاوەن پێداویستی تایبەتن کە خاوەنی بڕوانامەی دیپلۆم و بەکالیۆرۆس بوون، شێوازی وەرگرتنی نمونەکانیش بەمیتۆدی (گلۆڵەبەفر) (Snowball Sampling) وەرگیراون واتا سامپڵەکان مەبەستدارن. لەم توێژینەوەیەشدا (14) خاوەن پێداویستی تایبەت بوون بە سامپڵ، چاوپێکەوتنی قوڵ و فرەلایەنیان لەگەڵدا ئەنجام دراوە تا گەیشتۆتە قۆناغی کامڵێتی.

بۆ پراکتیزەکردنی هەنگاوە زانستییەکانی میتۆدەکە، چاوپێکەوتنەکان درێژەی کێشا تا قۆناغی پۆلێنی داتا و زانیارییەکان کامڵ ببێت و بابەتەکە بەهەموو وردەکارییەکانەوە بە وردی شیکار بکرێت. (Cresswell, 2007)

لەپێناو رەچاوی لایەنی ئیتیکی، بەرلە دەستپێکی چاوپێکەوتنەکان، ئامانجی توێژینەوەکە بۆ ئەو کەسانە ڕوون کرایەوە کە دیداریان لەگەڵدا سازدراوە، ماوەی چاوپێکەوتنەکانیش (30-40) خولەکی خایاندووە، دوای ڕۆنووسی چاوپێکەوتنەکە سەرلەنوێ بۆ خۆیان نێردراوەتەوە تا ئەگەر بۆچوونێتریان هەبێ ئەوا بۆ وەڵامەکانی زیاد بکەن.

*** (راستی و جێگیری)ی توێژینەوە**

-راستی (Validity): توێژەر بەرلە ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکان، بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی ڕواڵەت، سەرەتا پرسیارەکان بۆ سێ ئەکادیمیست نێردرا، دوای ڕەچاوکردنی سەرنجەکانیان، پرسیارەکانمان سەرلەنوێ داڕشتەوە[3].

[3]-ئەکادیمیستەکان بریتی بوون لە:

sjh@univsul.edu.iq

بۆ ڕاستی ناواخنیش، دوای ڕۆنووسی دەقی چاوپێکەوتنەکان بەشێوەیەکی زانستی، پاشان دەقەکەکان بۆ بەشداران‌ی هەڤپەیڤین نێردرانەوە، تا بەپرۆسەی پشکنین و چاوخشاندنەوەی خۆیاندا (Member Check) بڕوات، پاشان لەلایەن خۆیانەوە پەسەند کرا.

-جێگیری (Reliability): توێژەر سەرجەم کۆدی چاوپێکەوتنەکانی بەپێی هاوکێشەی زانستی بۆ توێژینەوە هەڵسەنگاند، بەم چەشنە:

$$\frac{\text{هەڵسەنگاندنی یەکەم + هەڵسەنگاندنی دووەم}/2}{\text{کۆی کۆدەکان}} \times 100 = \text{ڕێژەی پەسەندێتی}$$

$$\frac{2/107 + 102}{124} \times 100 = 87.9$$

ئەنجامەکەی لە ئاستێکی پەسەند و شیاودایە کە بەڕێژەی (87.9%) بوو.

**قۆناغەکانی کۆدگوزاری لە میتۆدی گراندد تیۆری:**

**هەنگاوی یەکەم: کۆدگوزاری کراوە (Open Coding)**

توێژەر لەم قۆناغەدا بەپشتبەستن بەمیتۆدی گراندد تیۆری، دوای ڕۆنووسکردنی چاوپێکەوتنەکان، هەوڵی دا بەوردی چەمك و بۆچوونە سەرەکییەکانیان بە دوو هەنگاو هەڵاوێرد بکات:

ا-شرۆڤە و کۆدگوزاری: توێژەر سەرنج و بۆچوونە گرنگەکانی لەنێو دیدارەکاندا دیاری کرد کە بەکۆد ناودەبرێت.

ب-دۆزینەوەی دەستەواژە سەرەکییەکان: لەم هەنگاوەدا هەموو ئەو بۆچوون و دەستەواژانەی لەیەکتر نزیکن و پەیوەندییان لەنێواندا هەیە، دەستنیشان کراون.

**هەنگاوی دووەم: کۆدگوزاریی تەوەرەیی (axial coding)**

لەم قۆناغەدا توێژەر سەرجەم ئەو بۆچوونە گرنگ و سەرنجانەی لە دووتوێی چاوپێکەوتنەکانەوە دەستنیشانی کردوون، لە تەوەرەی سەرەکی توێژینەوەکەیدا چڕیان دەکاتەوە. بەبڕوای (ستراوس) پێویستە بۆ پێنج بنەما پۆلێن بکرێن. ( Straus, A. and Corbin, J. 2008, P112)

**ا-پەیوەندی هۆکاریی (Casual Conditions):** تاوتوێی سەرجەم ئەو بابەتانە دەکات کە کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە، بۆنمونە لەم توێژینەوەیەدا هەتا یاساکانی میدیا بەشێوەیەکی چڕوپڕ و لەسەر بنەمای پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ بێت، ئەوا مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت پتر دەستەبەر دەبێت، پێچەوانەکەشی ڕاستە واتا تا یاساکانی میدیا ڕێژەی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ کەمتر بێت، ئەوا مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەتیش دووچاری پێشێلکاری زیاتر دەبنەوە. کەواتە پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیە.

هەروەها تا ئاستی پابەندێتی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە یاسا زیاتر بێت، پێشێلی مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت کەمتر دەبێتەوە، کەواتە پەیوەندییەکی پێچەوانەیە.


**ب-ستراتیژ (Stratigics):** ڕێکارە درێژمەودا و ئامانجدارەکان دەگرێتەوە کە لەژێر کاریگەری (ژینگەی زاڵ) و (هەلومەرجی دەستوەردەر)دا دادەڕێژرێن.

**ج-ژینگەی زاڵ (Context):** مەبەست لەو ژینگە و بارودۆخە زاڵەیە کە کە ستراتیژ دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. ئەم هەلومەرجەش واتا چەمك و تەوەرە سەرەکییەکان و سامپڵ و کات و شوێنی توێژینەوەکە، بەپێی (پەیوەندیی هۆکاری)یش گۆڕانی بەسەردادێت.

**د-هەلومەرجی دەستوەردەر (Intervening Conditions):** کۆمەڵێك فاکتەرن کە دەشێ ئاسانکاریی یاخود گرفت بخەنە بەردەم ستراتیژی توێژینەوەکە.

-پ.د.سامان فەوزی عومەر لە زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی.
-پ.ی.د.بەهات حەسیب عەلی لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر.
-د.عەدالەت عەبدوڵلا محەمەد، پەیمانگای تەکنیکی کوردستان-قەیوان.
sjh@univsul.edu.iq

**هــدەرئەنجامەکان (Consequences):** گرتنەبەری ڕێکارەکانی توێژینەوە بەپشتبەستن بە میتۆدێکی زانستی، کۆمەڵێك ئەنجام بۆ توێژەر دەخاتەڕوو. لەم میتۆدەدا بە (مۆدیلی پارادایم) ناودەبرێت، بەبڕوای (ستراوس و کۆربین) بەئەنجامی پرۆسەی تەوەرە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە ناودەبرێت. (بنۆڕە شێوەی ژمارە 1).





شێوەی 1: مۆدیلی پارادایم یاخود ئەنجامی کۆدگوزاریی تەوەرەیی بۆ توێژینەوەکە
(Straus, A. and Corbin, J. 2008)

**هەنگاوی سێیەم: کۆدگوزاری بژاردە**

لەم قۆناغەدا سەرجەم تەوەرە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە، بەشێوەیەکی سیستەماتیك و بەپشتبەستن بەگریمانە و ئامانجەکانمان پۆلێن دەکرێن.

لە دواهەنگاودا، ڕایەڵەیەکی پەیوەندی لەنێوان چەمك و تەوەرە سەرەکییەکاندا دروست دەکرێت، پاشان ئەم پەیوەندییانە بەپێی میتودی توێژینەوەکە شرۆڤە دەکەین تا مۆدیلێکی شیاو دەخەینەڕوو کە بۆ ئێستا و ئایندە ببێتە بناغەیەك لەپێناو مامەڵەیەکی دروستی یاسا و ڕێنماییەکان لەگەڵ مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان

لە شێوەی ژمارە (2)دا، چۆنییەتی کۆدگوزاری بژاردەو شرۆڤەو تاوتوێی داتاکانی توێژینەوەکەمان خستۆتەڕوو کە کۆتاییەکەی بریتییە لە گەڵاڵەکردنی ئەم مۆدیلەی ئاماژەمان بۆ کرد.




شێوەی (2):
پرۆسەی شرۆڤە و تاوتوێی چاوپێکەوتنەکان بۆ گەڵاڵەکردنی مۆدیلی توێژینەوەکە

**پراکتیزەکردنی هەنگاوەکان بەپێی میتۆدی گراندد تیۆری**

**هەنگاوی یەکەم: کۆدگوزاری کراوە**

توێژەر دوای ئەنجامدانی (14) چاوپێکەوتن لەگەڵ خاوەن پێداویستی تایبەت کە پیشەی جۆراوجۆریان هەیە، سەرجەم چاوپێکەوتنەکان ڕۆنووس کراون و بەوردی خوێندرانەوە، هەوڵ دراوە بەپشتبەستن بەمیتۆدی گراندد تیۆری، هەر بۆچوون و خاڵێکی گرنگ لەنێو چاوپێکەوتنەکان دەربهێنرێت کە پێی دەوترێت (کۆدگزاریی کراوە). بنۆرە خشتەی (1)

| نمونەی وەرگرتنی کۆد لە دەقی چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڵاتییەکی خاوەن پێداویستی تایبەت | |
|---|---|
| بەشێك لە چاوپێکەوتنی خاوەن پێداویستی تایبەت | کۆدی وەرگیراو لە چاوپێکەوتنەکە |
| لە مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە یاساکانی هەرێمی کوردستان، پێویستە مافی یەکسانمان لەگەڵ هاوڵاتییەکی ئاسایی هەبێت وەك: مافی زانین، کاری ڕۆژنامەنووسی، خاوەندارێتی میدیایی.<br>هەروەها هەر مافێکیش لە یاساکانی هەرێمی کوردستان، ببێتەمایەی دابینکردنی ماف بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت، پێویستە هەوڵی جێبەجێکردنی بدرێت و هەر چوارچێوەی قسە و بەڵێندا نەمێنێتەوە. بۆ هێنانەدی ئەم مافانەش، ئەرکی ڕێکخراوەکانی هاندیکەپ و ڕێکخراوە مرۆییەکانی کوردستانە بە وردی چاودێریی ڕەوش و ژیانمان بکەن، چونکە ئێمە بەبەراورد لەگەڵ کەسێکی ئاسایی، ژیانمان دژوارترە.<br>داواکاریشم لە پارلەمانی کوردستان، یاسایەکی مرۆیی و تۆکمەتر پەسەند بکات بۆ بایەخدان بە مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت و کارئاسانی بۆ ژیانیان، وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەتیش هەوڵی دامەزراندنی چەندین سەنتەری پیشەیی بدەن بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت تا بتوانن ببنە خاوەن کار، بۆ نمونە ببنە میدیاکارێکی سەرکەوتوو لەناو دەزگا ڕاگەیاندنەکاندا.<br>مافێکیتر بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت، پابەندکردنی هاوڵاتیان و تۆڕەکۆمەڵایەتی و میدیاکانە بۆ ڕەچاوکردنی دۆخی ئێمە، بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە جۆرەها گرفتی وەك داونیان هەیە، دەبێ سەنتەری چاودێری و ڕاهێنان دابمەزرێت بۆ چاودێریی ژیانیان.<br>هەروەها هەوڵ بدرێت سلفە و هاوکاری دارایی بدرێت بە خاوەن پێداویستی تایبەت تا ببنە خاوەنی کاری خۆیان. | -دابینکردنی مافی یەکسانی.<br>-دابینکردنی مافی زانین.<br>-فەراهەمکردنی کاری ڕۆژنامەنووسی و خاوەندارێتی میدیایی.<br>-پراکتیزەکردنی یاساکان.<br>-چاودێریی ڕەوشی خاوەن پێداویستی تایبەت.<br>-دەرکردنی یاسای نوێ بۆ پشتیوانی لە مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت.<br>-دامەزراندنی سەنتەری پیشەیی بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت.<br>-ڕەخساندنی هەلی کار بەتایبەت لەمیدیاکاندا.<br>-پابەندکردنی هاوڵاتیان و و میدیا و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بۆ ڕەچاوکردنی دۆخی خاوەن پێداویستی تایبەت.<br>-دامەزراندنی سەنتەری چاودێری و ڕاهێنان بۆ چاودێریی ڕەوشی ژیانیان.<br>-دابینکردنی سلفە و هاوکاری دارایی بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت. |

**خشتەی (1): سامپڵێك لە پۆلێنی ناوەرۆکی چاوپێکەوتنەکان و گۆڕینی بۆ کۆدگوزاری کراوە**

**هەنگاوی دووەم: کۆدگوزاریی تەوەرەیی**


لە میتۆدی گراندد تیۆریدا، دووەمین هەنگاو بە (کۆدگوزاریی تەوەرەیی) ناودەبرێت، ئەرکەکەی دروستکردنی ڕایەڵەیەکی پەیوەندی و واتاییە لەنێوان ئەو کۆدانەی کە قۆناغی پێشوودا لە چاوپێکەوتنەکانەوە دەستکەوتوون. ئەم کارەش بە مۆدیلی پارادایم ناودەبرێت کە لە شێوەی ژمارە (1)دا ئاماژەمان پێدا.

توێژەر بەپشتبەستن بە میتۆدی لێکۆڵینەوەکە، هەر بۆچوون و تێڕوانین و خاڵێکی گرنگی سەرجەم چاوپێکەوتنەکانی هەڵاوێرد کرد کە لەم میتۆدەدا بە (کۆد) ناودەبرێت. دواتر هەموو کۆدەکانی بەمۆدیلی پارادایم پۆلێن کرد و خستییەڕوو (بنۆڕە شێوەی ژمارە 3)

**هەنگاوی سێیەم: کۆدگوزاریی بژاردە (Selective coding)و شرۆڤەکردنی**

لەم قۆناغەدا سەرجەم کۆدی سەرەکی و گرنگی نێو چاوپێکەوتنەکان، لە چوارچێوەی مۆدیلێکدا داڕێژرا و پاشان بەپێی میتۆدی توێژینەوەکە بەم چەشنە پۆلێن کران:

sjh@univsul.edu.iq




شێوەی (3): ئەنجامی توێژینەوەکە بۆ گەڵاڵەکردنی مۆدیلێك بەشێوازی پارادایم

**1-تەوەرەی سەرەکی:** مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە یاساکانی میدیادا
بەپێی شرۆڤەی کۆدی چاوپێکەوتنەکان، (ناوەرۆکی یاساکانی میدیا) لە هەرێمی کوردستاندا کۆمەڵێك مافی یەکسانی بۆ چینوتوێژە جیاوازەکان دابین کردووە بە خاوەن پێداویستی تایبەتیشەوە، وەك: ڕەخساندنی کار و خاوەندارێتی میدیایی و پاشان پاراستنی مافە مرۆییەکانیان. لەهەمانکاتدا (ئاستی دامەزراوەکانی میدیا) بەپێی پێویست ئەم ماف و هەلەی بۆ ئەم توێژە نەڕەخساندووە.
هەروەها (پرۆسەی چاودێریی ماف) لەلایەن داواکاری گشتی، دەبێ بەشێوازێکی چالاکتر بێت بۆ کەمکردنەوەی ئەو پێشێلکارییانەی لەئاست مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستاندا ئەنجام دەدرێت.

**2-ژینگەی زاڵ**
دۆخی ژیان و شێوازی حکومڕانی لە هەرێمی کوردستان، ڕۆڵی لەسەر ئاستی دابینکردن و ڕێزگرتن لە مافی سەرجەم چینوتوێژەکان هەبووە.
کۆمەڵێك فاکتەر وەك (ژینگەی زاڵ) کاریگەرییان لەسەر ئەم مافانە هەبووە، دیارترینیان:
**-هەڵکشانی ڕێژەی (خ.پ.ت)** بەهۆی جەنگ و کارەسات و ڕووداوەکانەوە، زۆربوونی ئەم ڕێژەیەش جۆرێك لە ئاستەنگی بۆ ژیانیان دروست کردووە.
**-کەموکوڕی لە یاساکان:** لە هەرێمی کوردستاندا هەرچەندە کۆمەڵێك یاسای تایبەتی و گشتی هەیە کە پەیوەندییان بەمافەکانی ئەم توێژە هەیە، بەڵام تائێستا یاساکان نەیانتوانیوە هاوشێوەی وڵاتانی پێشکەوتوو مافی ژیان و بژێوی و هەلی کاریان بۆ دابین

بکات، ئەمەش ئاستەنگی بۆ ژیانیان دروست کردووە. هەربۆیە پێویستە یاسایەکی نوێ بۆ (خ.پ.ت) لە هەرێمی کوردستان دەربچێت بەمەرجێك سەرجەم مافە مرۆییەکان ڕەچاو بکات کە لە ڕێککەتنامە نێودەوڵەتییەکاندا جەختیان لەسەر کراوەتەوە، وەك: دابینکردنی مافی کار و بژێوی، ژیان و ئایندەیان.
**-ڕەوشی ژیان و کلتوری کۆمەڵگا:** تائێستا بەشێوازێکی مرۆڤدۆستانە مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ (خ.پ.ت) ناکرێت، دژواری بژێوی ژیان و گرفتەکانیشی بۆتەمایەی هەڵکشانی ڕێژەی ئەم توێژە.
**-سیستەمی بەڕێوەبردن:** چەندین دامەزراوەی فەرمی لە هەرێمی کوردستاندا بۆ خزمەتی (خ.پ.ت) هەیە لەڕووی هاریکاریی بژێوی و چاودێریکردنیان، بەڵام سیستەمی بەڕێوەبردنی خزمەتگوزاری لە هەموو شار و شارۆچکە و گوندەکاندا وەکیەك نییە، ئەمەش ئاستەنگی بۆ مافەکانی ئەم توێژە دروست کردووە. بوارێکیتر پەیوەندیدارە بە سیستەمی بەڕێوەبردنی میدیاکان، زۆرجار دەرفەتی تەواوەتی بۆ (خ.پ.ت) نەڕەخساندووە ببنە میدیاکار، یاخود بەپێی پێویست بەرنامەی ڕێنمایی و بایەخدان بە گرفتەکانی ئەم توێژەیان پێشکەش نەکردووە.
**3-هەلومەرجی دەستوەردەر**
کۆمەڵێك فاکتەر کاریگەرییان لەسەر ئاستی مافەکانی (خ.پ.ت) لە کوردستاندا هەیە، دیارترینیان:
**-ئاراستەی یاساکان:** بوونی کۆمەڵێك یاسای پەیوەندیدار بەمیدیا لە هەرێمی کوردستان کە ڕەچاوی چەندین پرەنسیپی ئازادی و دیموکراسییان کردووە، ڕۆڵی لە ڕێزگرتن لە مافەکانی (خ.پ.ت)دا هەیە وەك مافی کار و خاوەندارێتی و پاراستنی ژیانی تایبەت. لەم ڕوانگەیەوە یاساکان دەشێ بەرەو ئاستێکی شیاوتر ئاراستە بکرێن، چونکە ڕێژەی ئەم توێژە لە هەڵکشاندایە و پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکانیشیان زیاتر بووە.
**-سیستەمی بەڕێوەبردنی میدیا:** لایەنە پەیوەندیدارەکانی بەخشینی مۆڵەت بە میدیاکان (بۆنمونە وەزارەتی ڕۆشنبیری، سەندیکای ڕۆژنامەنووسان)، لەپێناو باشترکردنی سیستەمی بەڕێوەبردنی میدیا بۆ ڕێزگرتن لە مافەکانی (خ.پ.ت)، دەبێ پشکێکی دیاریکراو بۆ ڕەخساندنی هەلی کار بۆ ئەم توێژە تەرخان بکرێت.
**-هۆشیاریی لەهەمبەر ماف:** تەرخانکردنی بەرنامەی جۆراوجۆری میدیایی بۆ برەودان بەئاستی هۆشیاریی (خ.پ.ت) و چارەسەری گرفتەکانیان.
**-هەڵوێستی داواکاری گشتی:** ئەرکێکی گرنگی داواکاری گشتی بۆ خزمەتی (خ.پ.ت)، چاودێریی جێبەجێکردنی یاساکانی پەیوەست بە(خ.پ.ت) و سزادانی پێشێلکارانە، بەپێی یاساش ئەگەر پێشێلکارییەکە لە دەزگایەکی میدیاوە ئەنجام بدرێت، ئەوا دۆخی توندتری هەیە.
**4-پەیوەندی هۆکاریی**
**-ئاستی هۆشیاری:** پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لەنێوان ئاستی هۆشیاری (خ.پ.ت) و مافەکانی لە میدیا و یاساکانی ڕێکخستنی میدیادا هەیە، واتا تا ئاستی هۆشیاری (خ.پ.ت) زیاتر بێت، باشتر دەتوانێ میدیا بەقازانجی خۆی بەکاربهێنێت.
**-کوالیتی یاساکانی میدیا لە هەرێمی کوردستان:** پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان یاسا و مافدا هەیە، هەتا یاساکان کوالیتیان بەرزتر و مرۆڤانەتر بێت، زیاتر کاریگەری لەسەر هێنانەدی مافەکانی (خ.پ.ت) هەیە. کەموکوڕی لەنێو دەقی یاساکان یا کەمتەرخەمی لە پراکتیزەکردنیان، ئاستی پێشێلی مافەکانی (خ.پ.ت) لەناو میدیاکاندا بەرز دەکاتەوە.
**-سیاسەتڕێژی میدیاکان:** هەر دامەزراوەیەکی میدیایی بەپێی ستراتیژی خۆی، کۆمەڵێك پلان و بەرنامەی بۆ مامەڵە لەگەڵ چینوتوێژەکانی کۆمەڵگادا هەیە، لەم ڕوانگەیەوە سیاسەتڕێژی میدیاکان ئەگەر لەسەربنەمای ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ بێت، پابەندی بەپرەنسیپەکانی یاسا و ئیتیکی میدیایی زیاتر بێت، بێگومان مافەکانی (خ.پ.ت) ڕەچاودەکرێت بەجۆرێك کە لەڕێگەی تیشك خستنەسەر گرفتەکانیان، میدیاکان دەبنە ئامرازێك بۆ چارەسەری کێشە و هێنانەدی خواست و مافەکانیان.
**-چاودێریی دامەزراوە فەرمییەکان:** لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت (وەزارەتی ڕۆشنبیری کە خاوەنی مۆڵەتە بەدەزگاکانی میدیا، داواکاری گشتی) یاخود دامەزراوە نافەرمییەکانی میدیا (بۆنمونە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان)، ئەگەر ئاستی چاودێریی میدیاکان لەڕووی ڕێزگرتن لە مافەکانی (خ.پ.ت) چڕتر بکەنەوە، بێگومان پەیوەندی ڕاستەوخۆی دەبێت بۆ هێنانەدی مافەکانی ئەم توێژەی کۆمەڵگا.
**5- ستراتیژ**
**-یاسا و ڕێنمایی نوێ:** بەپێی کۆدی چاوپێکەوتنەکان، هەرێمی کوردستان پێویستی بە یاسای نوێ هەیە بۆ ڕێزگرتن لە مافەکانی (خ.پ.ت). لەم قۆناغەشدا لایەنە پەیوەندیدارەکان وەك (وەزارەتی ڕۆشنبیری، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان) کە مافی بەخشینی مۆڵەت و هەڵوەشاندنەوەیان هەیە، دەبێ بەگوێرەی هەلومەرجی کۆمەڵگا، ڕێنمایی کاتی یاخود هەمیشەیی بۆ پاراستنی ئەم توێژەی کۆمەڵگا بڵاوبکەنەوە، بەمەرجێك ڕەچاوی خزمەت بەم توێژە بکات بەپشتبەستن بەڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکان.

sjh@univsul.edu.iq

-پێداچوونەوە بەسیاسەتڕێژی میدیاکان بەپێی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ.
-پەرەپێدانی هۆشیاریی (خ.پ.ت) و خێزانەکانیان لەهەمبەر مافەکانیان.
-چالاکترکردنی ڕۆڵی حکومەت، داواکاری گشتی، ڕێکخراوەحکومییەکان بۆ خزمەت بە (خ.پ.ت).

**6- ئەنجام**

-پەسەندکردنی یاسایەکی نوێ بۆ (خ.پ.ت) بەمەرجێك بەگوێرەی ڕێککەوتنامە تایبەتییەکان زۆرترین ماف لەخۆبگرێت، میدیاکان و دامەزراوەکانیتری حکومەتیش پابەند بکرێن.
-دەرکردنی ڕێنمایی نوێ لەلایەن دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بۆ چەسپاندنی مافەکانی (خ.پ.ت) و پابەندکردنی میدیاکان بەجێبەجێکردنی.
-دانانی دەرگاوان لە میدیاکاندا بۆ ئەوەی لە هەموو بابەتێکدا ڕەچاوی مافەکانی (خ.پ.ت) بکرێت.
-کردنەوەی خولی هۆشیاری بۆ میدیاکاران تا وێرای ڕیزگرتن لە مافەکانی ئەم توێژە، جۆرەها کاری بەدواداچوون و بنکۆڵکاری بۆ چارەسەرەی ئەم کێشە تەندروستییە ئەنجام بدەن.

**دەرئەنجامەکانی توێژینەوە:**

توێژەر گەیشتوتە کۆمەڵێك دەرئەنجامی گرنگ کە بریتین لە:
-یاساکانی رێکخستنی میدیا لە هەرێمی کوردستان، مافی گرنگیان بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت دەستبەر کردووە لەڕووی: پاراستنی ژیانی تایبەت، شکۆ و ڕێزی کۆمەڵایەتی.
-یاساکانی ڕێکخستنی میدیا، مافی کاری ڕۆژنامەنووسی و خاوەندارێتی دامەزراوەکانیان بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت دەستبەر کردووە بەمەرجێك ئەهلییەتی یاساییان هەبێت.
-یاساکانی ڕێکخستنی میدیا، مافی زانین و بەرەودان بەهۆشیارییان فەراهەم کردووە.
-سیستەمی چاودێریی جێبەجێکردنی یاساکان بەتایبەت لە بواری میدیادا، بەپێی پێویست نەیانتوانیوە بەوردی مافەکانی ئەم توێژە ڕەچاو بکەن.
-دامەزراوە یاساییەکان نەیانتوانیوە بنەبڕی پێشێلی مافەکانی ئەم توێژە لە ئامرازەکانی میدیا (بەتایبەت لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا) بکەن.
-ئاستی بایەخدان بەمافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت بەپێی سیاسەتڕێژی میدیاکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە.
-پێداچوونەوە بەیاسا و ڕێنماییەکانی میدیا، بەئەرکێکی هەنوکەیی دادەنرێت بۆ پاراستنی مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت.
-کردنەوەی خولی هۆشیاریی بۆ میدیاکاران تا ڕەچاوی مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت بکەن.
-ڕەوشی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیای جەماوەر کاریگەریی نەرێنییان لەسەر پێشێلی مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت هەبووە، لەکاتێکدا بەپێی یاسا بەرکارەکان بەتاوان دادەنرێت.
-لاوازیی هۆشیاریی لە کۆمەڵگادا، کاریگەریی نەرێنی لەسەر ڕێزگرتن لە مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت هەبووە.
- لاوازی بایەخدان بەپەرەپێدانی هۆشیاریی تەندروستی لەلایەن میدیاکانەوە، کاریگەری نەرێنی لەسەر هەڵکشانی ڕێژەی خاوەن پێداویستی تایبەت هەبووە وەك منداڵی نابەکام تا دەگاتە نەبوونی خۆپارێزی لەئاست ڕووداوەکان.

**پێشنیازەکانی توێژینەوە:**

ا-بۆ پارلەمان و حکومەت:
-پێداچوونەوە بەیاساکانی ڕێکخستنی میدیا لە هەرێمی کوردستان و تەرخانکردنی برگەی نوێ بۆ دابینکردنی مافە تایبەتی و پیشەیی و مرۆییەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت.
-چالاکترکردنی داواکاری گشتی بۆ چاودێریی باشتر جێبەجێکردنی مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت.
-دەرکردنی ڕێنمایی نوێ لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ پابەندکردنی میدیا بە ڕێزگرتن لە مافەکانی ئەم توێژە.
-سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان پێویستە مەرجی ڕێزگرتن لە مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت دابنێت لەکاتی بەخشینی مۆڵەت بە دەزگا میدیاییەکان.

sjh@univsul.edu.iq

-وەزارەتی تەندروستی پابەند بکرێت بەهاریکاریی زیاتر لەگەڵ میدیاکان بۆ پەرەپێدانی هۆشیاریی لەپێناو کەمکردنەوەی رێژەی خاوەن پێداویستی تایبەت.

**ب-بۆ دامەزراوەکانی میدیا**

-سیاسەترێژی میدیاکان پێویستە رەچاوی پرەنسیپە مرۆییەکانی رێزگرتن لە خاوەن پێداویستی تایبەت بکات.

-رەخساندنی چانسی زیاتری کارکردن بۆ ئەم توێژە لە دەزگاکانی راگەیاندن.

-دانانی دەرگاوان (Gatekeeper) بەرلە بڵاوکردنەوەی هەر بابەتێك لە میدیاکاندا، بەمەبەستی رەچاوکردنی مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

-ئەنجامدانی بەرنامە و بڵاوکردنەوەی بابەتی جۆراوجۆری هۆشیاری بۆ هێنانەدی ئامانج و خواستەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت و برەودان بەتواناکانیان.

-پابەندبوون بەپاراستنی مافی موڵکایەتی و داهێنان لەلایەن خاوەن پێداویستی تایبەتەوە.

-کارکردن بەتیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لە دۆسییەکانی پەیوەندیدار بە خاوەن پێداویستی تایبەت.

-دامەزراوەکانی میدیا پێویستە خولی تایبەتی پەروەردەیی بۆ میدیاکارانیان بکەنەوە تا مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ ئەم چینەی کۆمەڵگادا بکەن.

**ج-بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت:**

-بەرزکردنەوەی ئاستی خۆهۆشیاریی بۆ ئاگاداربوون لە ماف و ئەرکەکان.

-بەشداریی کارا لە بەرنامەکانی میدیا بۆ دەرخستنی تواناکانیان.

-هۆشیارکردنەوەی خاوەن پێداویستی تایبەت و میراتگرەکانیان بۆ خۆپارێزی لەهەر مامەڵەیەکی نەرێنی میدیا و تۆرەکۆمەڵایەتییەکان.

-خێزان (دایك و باوك) دەبێ خاوەن پێداویستی تایبەت لەهەر جۆرە وێنە و گرتەیەکی ڤیدیۆیی بپارێزن کە کار لەسەر شکۆ و رێزیان بکات.

-پەرەپێدانی هۆشیاریی یاسایی بۆ تۆمارکردنی سکاڵا لەلایەن خاوەن پێداویستی تایبەت و میراتگرەکانیان لەکاتی پێشێلکارییەکاندا بۆ وەرگرتنەوەی ماف.

**سەرچاوەکان:**

***کوردی:**

-فەوزی، د.سامان: بنەماکانی یاسای راگەیاندن، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار، چاپی دووەم، سلێمانی، 2019.

-سلێمان، فوئاد ئەحمەد: مێژووی یاسادانان لە پارلەمانی کوردستان، 2019، چاپی یەکەم، هەولێر.

***عەرەبی:**

-ابن منظور: لسان العرب، 1405، ج 10.

-البكرى، الاستاذ عبدالباقى، زهير البشير: المدخل لدراسه القانون، البيروت.

-الحيط، د.عادل: جرائم الذم و القدح و التحقير المرتكبه عبر الوسائط الاكترونية، دارالثقافه 2015.

-د.حمود بن أحمد الخميس و د. عبد الحافظ بن عواجي صلوي: احتياجات المعاقين الإعلامية ومدى أشباع وسائل الإعلام لها-دراسة ميدانية على عينة من المعاقين في المملكة العربية السعودية، 2007.

-جاسم، بيداء صلاح الدين: المسؤلية الجنائية عن التحرش الاكترونى، المركز العربى للنشرو التوزيع، الطبعة الاولى، 2020م.

-الزعبى، عوض أحمد: مدخل الى علم القانون، الطبعه الثانية، الاردن، 2011.

- المغربي، زياد و تسنيم شاهين: الدليل الاعلامي في تناول قضايا حقوق الاشخاص ذوي الاعاقة، الاردن، 2018.

-شرقاوي، جميل: دروس في اصول القانون، قاهره: دارالنهضة العربيه، 1966.

-الويس، د. مبدر: أثر التشهير فى الصحافة، دراسة مقارنة، طبعة الاولى، مطبعه دار الجاحظ 1986.

-الموسوی، د.کریم مشط: المثیر و الخطیر فی اعلانات الانترنت، بیروت، الطبعه الأولی، 2012.
-نایيني، محمدحسين: منية الطالب، تقريرات خوانساري، الطبعة الاولـي، النشر الاسلامي الطابعة لجامعة المدرسين، (1418 ق)، قم.

*فارسی
- امامی، سید حسن: حقوق مدنی، تهران، کتابفروشی اسلامیه، 1374.
-بابائی، محمدعلی، نظری، زهره: آزادی اطلاعات: محدودیت ها، بایـدها و نبایـدها، اطلاع رسانی حقوقی، 1390.
-پروین، خیرالله: حقوق بشر از نظر تا عمل، تهران: نشرمیزان، 1395.
-کاتوزیان، ناصر: مقدمه علم حقوق و مطالعه در نظام حقوقی ایران، تهران، شرکت سهامی، 1391.
-کازنو، ژان: جامعه‌شناسی وسایل ارتباط جمعی، ترجمه: باقر ساروخانی و منوچهر محسنی، تهران 1365
- مشیریان، محمد: حق مؤلف و حقوق تطبیقی، چاپ اول انتشارات دانشگاه تهران، تهران 1393.
-معتمدنژاد، کاظم: وسایل ارتباط جمعی. تهـران دانشـگاه علامـه طباطبـایی چـاپ ششم، 1386.
-نباتی، د.ابراهیم بیگ زاده نگار: اشخاص دارای معلولیت در نظام بین‌المللی حقوق بشر، موسسه مطالعات حقوقی، 1389.

*ئینگلیزی:

1. Barnes, C. and Mercer, G. (2003): Disability, Cambridge, Polity Press.
2. Bovie. N. E & Simon, R. L(1998), the individual, the political order: an Introduction to social and political Philosophy, New York: Roman and Littlefield.
3. Creswell, John W: Qualitative Inquiry and Research Design, SAGE, 2007.
4. Dani, Anis and Haan Arjande (2008) Inclusive States: Social Policy and Structural Inequalities, USA: The World Bank.
5. Grubbs, Amelia: (2011), Privacy law and the Internet using facebook.com as a case study, University of Tennessee honors.
6. Hoefer, Richard (2008) Social Welfare Policy & Politics, UK: John Wiley & Sons Inc.
7. Straus, A. and Corbin, J. (2008). "Basic of Qualitative Research: Techniques and Procedures for developing Grounded Theory". Third Edition, Los Angeles: stage publication.
8. McQuail, D: Mass Communication Theory, SAGE Publications, 2010..
9. Philips, D. (2006) Quality of Life; Concept, Policy and Practice, London: Routledge.
10. West's Encyclopedia Of American Law, 1998 ,Minneapolis, West Pub.
11. Unesco(1981).cultural development & regional experiences. Paris:Unesco.
12. Will, Kymlicka (2002); Multicultural citizenship: An Interdiction, , Oxford University Press.

*وێبسایت:
-کارنامەی داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان، سایتی فەرمی وەزارەتی داد:
http://archive.gov.krd/moj/www.moj.gov.krd/index.php/dezgakani-dad/serokayeti-dawakari-gisti.html
-Warren and Brandeis: The Right to Privacy, Harvard Law Review, Vol. IV, December 15 1890, No. 5,
http://groups.csail.mit.edu/mac/classes/6.805/articles/privacy/Privacy_brand_warr2.htm.

-WHO,2024, Disability
https://www.who.int/health-topics/disability#tab=tab_1

*یاساکان:
-یاسای سزادانی عێراق ژمارە (111)ی ساڵی (1969ز)ی هەمووارکراو.
-یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ژمارە (4)ی ساڵی (1998).
-یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) ژمارە (3)ی ساڵی (2006).
-یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە (35)ی ساڵی (2007).
-یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی ژمارە (6)ی ساڵی (2008)
-یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت ژمارە (22)ی ساڵی (2011).
-یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە (8)ی ساڵی (2011).
-یاسای مافی دانەرو مافە هاوسێکانی ژمارە (17)ی ساڵی (2012).
-یاسای مافی دەسکەوتنی زانیاری ژمارە (11)ی ساڵی (2013).
-یاسای ڕێکخستنی ڕیکلامی بازرگانی ژمارە (4)ی ساڵی (2019).

**Abstract:**

The rights of special needs people, as an important section of society, have been guaranteed by special agreements at the international level, and most countries treat them according to humanitarian principles.
This study, which focuses on the position of the rights of people with special needs, attempts to answer a question based on the interpretation of journalism laws: To what extent the rights of people with special needs are respected and protected against dangers and violations? Are they reflected in journalistic laws? What are the legal procedures for directing media institutions to serve people with special needs?
What are the shortcomings of the journalism laws in the Kurdistan Region in this regard and to what extent have they created obstacles to the application of the rights of people with special needs?
The main purpose of this study is to discuss all the legal aspects of the rights of people with disabilities and to present the position and respect of this right in the applicable laws of journalism, in the Kurdistan Region, according to official statistics, there are a large number of people with special needs.
To answer the questions of the research and achieve its objectives, the researcher based on the analytical method and grounded theory, tries to evaluate the content of all the laws related to the media in the Kurdistan Region, positive aspects and to present their negative points, so that the rights of this group can be treated more correctly and humanely in the future.
At the end of the study, the results of the assessment of the treatment of journalism laws and their level of attention to the rights of this group are presented, then includes several recommendations to guide the parliament and the KRG in Drafting new laws and guidelines for the rights of people with special needs, in line with the international human rights standards. It is also a clarity for the group to become familiar with their rights.

**Keywords:** Rights of individuals with special needs, journalism laws, Kurdistan region